# له ئاوێنەی ئەزموون دا

لەدوورگەی پەژارەوە
ڕێبازی كۆسپ وگرێم
گرتەبەر
لەگۆلاوی ماتەمینەوە
ڕووباری مەلولیم
نایە پشت سەر
لافاوی سەرلێشێوا
ڕایماڵیم تا بوونی دەریا
لە گێژاوەی سەركەشا كەوتمە مەلە
گێژم خوارد بۆقوڵایی و
بین خواردنەو
دەریای دەردم تێپەڕكرد
تا ئۆسیانی تێكۆشان وكۆڵنەدان
لە وەرزگەلا دانەماوم
ڕێگەی ناهەموارم بڕیوە
ڕەوڕەوەم گۆڕیوە
تا هەناسە بێت وبچێ
دیاریش نییە كەی
كۆتایی دێ
تێدەڕوانم
گوێ ڕادەگرم
بۆن پێوەدەكەم
تام دەچێژم و
لە ئامێزدەگرم
لە ئاوێنەی ئەزمون دا
پەلكەزێڕینەی ڕاهێنان وداهێنان
ڕەنگ ئەداتەوە بۆ**چۆنییەتی** ژیان

ڕەحمان سۆفی

سۆێد2008مانگی مای